# شێوازی هۆنراوەی فێرکاری کتێبی (ئەحمەدی) بە نموونە

م.ی. نێچیروان جاسم وەلی

زانکۆی سەلاحەددین

nechirwan.wali@su.edu.krd

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:2024/3/1 ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:2024/5/7

**پوختە:**

شێخ مارفی نۆدێ لە زیاتر لە بوارێکی ئایینی و ڕۆشنبیریدا ئەسپی هەوڵەکانی خۆی تاو داوە, شێخ مارف خۆی کەسایەتییەکی ئایینی بووە و دەرچووی حوجرە و مزگەوت بووە, لە چەندان بوار و بابەتی ڕۆشنبیریدا کۆشش و کاری گرنگی کردووە و خزمەتی زۆری کردووە. یەکێک لەو بوارانەی شێخ مارفی نودێ هەوڵەکانی خۆی تێدا چڕ کردووەتەوە دانانی فەرهەنگێکی عەرەبی_ کوردییە و لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی فەقێیایەتی دەخوێنرێت و بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی سوودی لێ وەردەگیرێت.

زۆرینەی بەرهەم و دانراو و نووسراوەکانی شێخی نۆدێ بە زمانی عەرەبییە, ئەمەش زمانی باوی نووسین بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا. لەنێو کتێبەکانی ناوبراودا, تەنیا کتێبی ئەحمەدی بە زمانی کوردییە و لە قاڵبی هۆنراوە (نظم)دا دارێژراوە و بە مەبەستی فێرکردنی زمانی عەرەبی نووسراوە. سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە دوو سەدە بەسەر نووسینی کتێبەکە و نووسینی دەیان کتێبی جۆراوجۆری بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی, بەڵام تا ئێستاش ئەم کتێبە بەهای زانستی و بایەخی فێرکاری ماوە و لە بواری خۆیدا پشتی پێ دەبەسترێت و دەخوێنرێت و دەروازەیەکە فێرخواز لێیەوە دەچێتە ناو بواری فێربوونی زمانی عەرەبی و وەرگرتنی زانستەکان, بۆیە گرنگە لە ڕووی شێوازەوە ئەو کتێبە بخەینە بەر تیشکی توێژینەوە و لێی بکۆڵینەوە.

**وشە کلیلییەکان:** هۆنراوەی فێرکاری, شێخ مارفی نۆدێ, کتێبی ئەحمەدی

**پێشەکی:**

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی زانست و ڕۆشنبیری لە وڵاتەکەماندا بدەینەوە و چاوێک بە کتێب و نووسراو و دانراوەکانی زانایانمان بخشێنین, ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە چەندان زانامان هەیە, خزمەتێکی بەرچاوی بواری فێرکردن و زانستیان کردووە. یەکێک لەو زانایانەی میللەتەکەمان, کە لە زۆر لایەنی زانست و ڕۆشنبیریدا کۆششی کردووە, شێخ مارفی نۆدییە. کۆششێکی گرنگی ناوبراو دانانی کتێبێک بوو بۆ ئەوەی کوڕەکەی فێری زمانی عەرەبی بکات و پاشانیش ئەو کتێبە دەبێتە پرۆگرامێک بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی ببن.

ئەم کتێبە سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە دوو سەدەیە نووسراوە و لە قەبارەدا بچووکە و لە ناوەرۆکدا سادەیە, بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی بەهای نەمێنێت, بەڵکو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بایەخی هەیە. فۆرمی داڕشتنی کتێبەکە و شێوازی نووسینەکەی وای کردووە ئەم کتێبە تا ئێستاش پشتی پێ ببەسترێت و لە کاردا بێت.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە شێوازی نووسین و داڕشتنی کتێبەکە بخاتە ڕوو و ڕووناکی بخاتە سەر فۆڕم و ناوەرۆکی کتێبەکە.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی شیکاری گیراوەتەوە بەر بۆ شیکردنەوەی کتێبەکە و توێژینەوە لێی.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوار تەوەر پێکهاتووە, بەم جۆرە داڕێژراوە:

تەوەری یەکەم: لەبارەی کتێبی ئەحمەدییەوە

تەوەری دووەم: شێوازی مۆسیقای شیعری کتێبەکە

تەوەری سێیەم: شێوازی وشەیی کتێبەکە

تەوەری چوارەم: شێوازی ئەرکیی کتێبەکە

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانمان خسووەتە ڕوو و دوای ئەوەش سەرچاوەکانمان تۆمار کردووە.

**تەوەری یەکەم: لەبارەی کتێبی ئەحمەدییەوە**

ئەم کتێبە لە چوارچێوەی بابەتێکی فێرکاریدایە, ئەویش فێرکردنی زمانی عەرەبییە. لە سەردەمی نووسین و بڵاوبوونەوەی کتێبەکەوە تا ئەم سەردەمە بابەخی فێرکاریی خۆی لە دەست نەداوە, لەبەر ئەوە تا ئێستا چەند جار لە لایەن چەند کەسێکەوە ساغ کراوەتەوە و لەسەر نوێ چاپ کراوەتەوە. ((بۆ یەکەم جار, مێژوونووسی گەورە (حوزنی موکریانی) لە ساڵی (١٩٢٦)دا لە چاپخانەی (زاری کرمانجی) لە (ڕواندز) چاپی کردووە. دوای ئەم, شاعیری گەورە (پیرەمێرد) لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە. دوای ئەمەش جارێک لە بەغدا و جارێک لە کەرکوک چاپ کراوەتەوە. ئەمجا مامۆستا (گیوی موکریانی) خاوەنی (چاپخانەی کوردستان) لە هەولێر لە ساڵی ١٩٦١ چاپی کردۆتەوە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٤٦_٤٧). ئەمە جگە لەوەی چەند نوسخەیەک لە دەستخەتی کتێبەکە نووسراوەتەوە و ئەو چاپانەی هەن جیاوازی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت و کەمێک دەقی کتێبەکە لە چاپێکەوە بۆ چاپێکی دیکە جیایە.

لەم دواییەدا چەند جارێکی دیکە کتێبەکە چاپ کراوەتەوە و پەراوێزی بۆ دانراوە و وێنەی لەگەڵدا چاپ کراوە, بەڵام دیسانەوە ئەم چاپانە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە. لە یەکێک لە چاپەکاندا, کە (مەحموود ئەحمەد محەمەد) پێشەکی بۆ نووسیوە و ساغی کردووەتەوە, ژمارەی دێڕەکانی (٣٦٣) دێرە و پەراوێزی بۆ دانراوە و وێنەی لەگەڵدا چاپ کراوە و ناونیشانی کتێبەکە (کتێبی ئەحمەدی)یە. لە چاپی (ئینتیشارات کوردستان)دا, کە (عەبدولڕەحیمی مەحموودی) ساغی کردووەتەوە و بە ناوی (لۆغەتنامەی ئەحمەدی) چاپ کراوە, ژمارەی دێرەکانی (٣٧٣) دێرە, کەواتە تارادەیەک جیاوازی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت.

شێخی مارفی نۆدێ (١١٦٦_١٢٥٢کۆچی/١٧٥٣_١٨٣٧ز) لەو چەند دێڕەی پێشەکیی کتێبەکەی هەندێک لایەنی کتێبەکەی ڕوون کردووەتەوە, لەوانە: دەستپێکردن بە ناوی خودا و ستاییشکردنی خودا و دروودناردن بۆ پێغەمبەر (د.خ) و خێزان و یاوەرانی پێغەمبەر. ئەمەش شێوازی باوی نووسین بووە, بە تایبەتی لەو سەردەمەدا و مەم زین و فەرهەنگی نۆبەهاری ئەحمەدی خانی و هەندێک لە بەیت و داستانەکان بەو چەشنە داڕێژراوە, لە دێڕێکی پێشەکیی هونراوەکەدا نووسەر خۆی ناساندووە:

sjh@univsul.edu.iq

(بعد بدان چنين ميگويەد)     (معروف بن مصطفى بن أحمد)   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

ئەم هۆنراوەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە؛ لە پێشەکی و دوو دەروازە (باب)ی سەرەکی پێکهاتووە, ئەوانیش؛ (باب الأسماء و باب الأفعال)ە, ئەمەش لەسەر بنەمای وشەسازیی زمانی عەرەبی (الصرف) داڕێژراوە و ئامراز (الحرف)یش لەگەڵ ناوەکاندا باس کراوە.

بدو باب کتاب میشود کمال   یەک بابی أسما یەک بابی أفعال   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

ژمارەی وشە عەرەبییەکانی هۆنراوەکە نزیکەی ١٤٠٠ وشەیە و وشە کوردییەکان نزیکەی ١٣٠٠ وشەیە, لەبەر ئەوەی کتێبەکە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبییە و وشەی هاوواتای عەرەبی زۆرتر تێدا بەکارهاتووە, بۆیە وشە عەرەبییەکان زیاترە.

شێخی نۆدێ ئەم کتێبەی بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی نووسیوە, بۆ ئەوەی بەهۆی ئەم کتێبەوە بە ئاسانی فێری زمانی عەرەبی ببێت. سەبارەت بە کاتی دانانی هۆنراوەکە دوو بۆچوون هەیە:

١_ بۆچوونێک پێی وایە شێخی نۆدێ پێش لەدایکبوونی کاک ئەحمەد هۆنراوەکەی نووسیوە, ئەمەش لە کتێبی (ریسالەی عەزیزیە لە خەواریقی ئەحمەدیە)دا ئاماژەی بەوە دراوە سشێخی نۆدێ ((سێ ساڵ پێش لەدایکبوونی (حاجی کاک ئەحمەد) نامیلکەی ئەحمەدی بۆ ئەم کوڕەی داناوە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٤٥).

٢_ بۆچوونەکەی دیکە پێی وایە, هۆنراوەکە لە دوای لەدایکبوونی کاک ئەحمەدی شێخ دانراوە, بۆ ئەمەش دەبێت بۆ ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد بگەڕێینەوە. لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)ی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد بە ساڵی (١٢٠٨کۆچی) دانراوە (مودەڕیس, ١٣٨٨, ٢٦٤) و لە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدین)ی ناوبراودا هەمان ساڵ بە ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد تۆمار کراوە (المدرس, ١٩٨٣, ٧٤). کتێبی (تەئریخی سلێمانی وە وڵاتی)ی (ئەمین زەکی بەگ) ساڵی (١٢٠٧کۆچی) بە ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد داناوە (بەگ, ٢٠٠٦, ١٦٢). لە کتێبی (ژیانەوەری زانایانی کورد)ی (شەپۆل) ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد ساڵی (١٢٠٨کۆچی)یە (شەپۆل, ١٣٧٩, ٩٠).

دانەر لە پێشەکیی هۆنراوەکەدا دەڵێت:

تاکە فرزندم أحمد بی تعب   شود دانای لغاتی عرب

لهذا ناوم نا ئەحمەدییە   والله أرجو إصلاح النیة   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

ئەمەش ئەمە دەگەیەنێت ((کتێبی (ئەحمەدی) لە دوای لەدایکبوونی کاک ئەحمەدەوە نووسراوە)) (ڕەسووڵ, ١٩٨٩, ١٠٩). واتە کاتێک تەمەنی کاک ئەحمەد لە چوونە بەر خوێندن نزیک بووەتەوە, شێخی نۆدێ هۆنراوەی ئەحمەدی لە ساڵی ((١٢١٠کۆچی_١٧٩٥ز بۆ کاک ئەحمەد داناوە)) (بەحرکەیی, ٢٠١٠, ٢٤٣). بۆچوونێکی دیکە پێی وای ئەحمەدی لە ((دەوروبەری ساڵی ١٧٩٠ میلادا دانراوە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٥٨).

بە سەرنجدان لە ساڵی لەدایکبوونی کاک ئەحمەد و وردبوونەوە لە پێشەکیی دانەر ئەوە دەردەکەوێت شێخی نۆدێ هۆنراوەی ئەحمەدی لە دوای لەدایکبوونی کاک ئەحمەد نووسیوە, ئەمەش دەکاتە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم.

سەبارەت بە ژانری کتێبەکە, ئەوا ئەم کتێبە شیعر نییە, بەڵکو ((کردارێکی هۆنراوەیە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٥٠) دەبێت ئەوەش بزانین ئەوەی شیعر لە هۆنراوە (نظم) جیا دەکاتەوە ((ناوەڕۆک و شێوازن, ئەگینا هەردوو بابەتەکان کێش و قافیەیان هەیە. ئەمجا ئەگەر (مەم و زین)ی خانی بکەین بە نموونە کردارێکی شیعری, (ئەلفیەی ابن مالک)یش دەکەین بە نموونەی کردارێکی هۆنراوە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٦). کێش و سەروا, کە بەشێک لە مۆسیقای شیعری پێکدەهێنێت دەقێکی ناشیعری ناکەن بە شیعر, بەڵکو ئەو دەقە بە هۆی کێش و سەرواوە دەبن بە هۆنراوە (نظم) ئەمە لە لایەنی فۆرم و شێوازەوە, لە لایەنی ناوەڕۆکیشەوە هۆنراوە بۆ فێرکاری و گەیاندنی

بابەتێکی زانستییە و ئامانجی ئەم چەشنە هۆنراوەیە ((فێربوون و گەیاندنی وانەیەکی فەلسەفی, ئەخلاقی, زانستی, حیکمەت, سیاسی و ئایینییە)) (عومەر, ٢٠٢٣, ٣٧٨).

لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا سەردەمانی زۆر شیعر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بۆ چوار جۆر دابەش کراوە: شیعری لیریکی, شیعری داستانی, شیعری شانۆیی, شیعری فێرکاری. ڕەگەزەکانی ئەدەب لەم دابەشکارییەدا بەدروستی ڕەنگ نادەنەوە و ڕەگەزی (سۆز و ئەندێشە), کە دوو ڕەگەزی سەرەکیی ئەدەب و شیعرن لە هۆنراوەی فێرکاریدا بەرجەستە نابن و کتێبی ئەحمەدیش دوورە لە ڕەگەزی سۆز و ئەندێشە.

دوای ئەوەی مەلا عەبدوڵلای بێتووشی لە ئەحسا دەگەڕێتەوە و شێخی نۆدێ دەچێتە لای ئەویش و لە ڕووی ئەدەبی و شیعرییەوە کاری لێ دەکات و دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی شیعری لای شێخی نۆدێ و ((پێشنیازی بۆ دەکات دەقی زانستەکان بە هۆنراوە دابڕێژێت وەک عەوامیلی جورجانی و تەسریفی زنجانی و جگە لەوانە)) (الخال, ١٩٦١, ٨١_٨٢) و بەشێکی دانراوەکانی شێخی نۆدێ بەرهەمی شیعرین, بە تایبەتی لە تەخمیسکردنی هەندێک شیعری بەناوبانگی عەرەبی لەوانە: ( بانت سعاد, قصیدة البردة, قصیدة المضریة, قصیدة الهمزیة, قصیدة لامیة العجم...هتد) و دانانی شیعری فارسی. کتێبی ئەحمەدی یەکێکە لەو دانراوانەی شێخی نۆدێ, کە لە چوارچێوەی هۆنراوە (نظم)دا:

درین رسالە بە کوردی زوبان        میکنم زوبان عرب را بیان  (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

لەبەر ئەوەی دانراوەکەی شێخی نۆدێ لە چوارچێوەی هۆنراوەدایە, بۆیە بە ریسالە_کتێب_ ئاماژەی پێ داوە, نەک دیوان و شیعر.

بدو باب کتاب میشود کمال    یەک بابی أسما یەک بابی أفعال  (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

لێرەشدا باسی باب کراوە, کە تایبەتە بە کتێب و بابەتێکی زانستی, نەک شیعر و ئەدەب.

ئەم کتێبە کاریگەری بەسەر نووسەرانی کوردەوە هەبووە و بووەتە هۆی کتێبی دیکەی هاوچەشنی بنووسرێت, لەوانە: (دوو ڕشتە)ی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) و تەنانەت ئەحمەد دڵزار هۆنراوەیەکی فێرکاری بە ناونیشانی ئەحمەدییەی دڵزار نووسیوە, کە بۆ فێربوونی زمانی ڕووسییە.

لە سەردەمی نووسینی کتێبەوەکە تا سەردەمی ئێستا بەها و بایەخی زانستی خۆی لە دەست نەداوە و بۆ فێرکردن پشتی پێ دەبەسترێت و دەخوێندرێت, بۆیە پێویستە لەسەر بنەمای ئەو دەستنووس و چاپانەی هەیە ساغ بکرێتەوە و بە چاپێکی پوختە و یەکخراو بخرێتە بەردەستی قوتابی, بە جۆرێک پەراوێزی بۆ دانرابێت و وێنەی لەگەڵدا بێت.

**تەوەری دووەم: شێوازی مۆسیقای شیعریی کتێبەکە**

مۆسیقا بنەڕەتێکی سەرەکیی شیعرە و کاریگەریی زۆری بەسەر وەرگردا هەیە ((مۆسیقا گیان و کاکڵەی شیعرە. زمان یاخۆ فیکرەی شیعرەکە چەندێ گرنگە, مۆسیقاش ئەوەندە گرنگە)) (بێدار, ٢٠١٣, ٧٨). مۆسیقا ئاوێتەی ڕەگەزەکانی دیکەی شیعر دەبێت و ئەم ڕەگەزە لە هۆنراوە (نظم)دا بەرجەستە دەبێت و دەبێتە هۆی ئاهەنگ و ئاوازێکی خۆش بە هۆنراوەکە بدات و بە ئاسانی لەبەر بکرێت.

مۆسیقای شیعری بەسەر دوو لایەندا دابەش دەکرێت: مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوە. مۆسیقای دەرەوە کێش و سەروا دەگرێتەوە. لە ڕووی کێشەوە کتێبی ئەحمەدی لەسەر چەند قاڵبە کێشێک داڕێژراوە. پێشەکیی کتێبەکە لەسەر کێشی (١٠) برگەییە:

بە نامی خودای حەیی لا یەموت        پەروەردگاری موڵک و مەلەکوت

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ١٩)

بەدەر لە پێشەکیی کتێبەکە, بەشێکی کتێبەکە لەسەر کێشی (١٠) بڕگەییە:

(ساعد) باسکە (عضد) قۆڵە (قرناء) شاخدار (جماء) کۆڵە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢١)

بەشێکی دیکەی کتێبەکە لەسەر کێشی عەرووزە, لەوانە ڕەمەڵی شەشیی مەحزووف:

(خیل) جەمە بۆ ئەسپ و سوار (جیفة) لاشە (عود) چیلکە (عد) شمار

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٧٠)

کتێبەکە لە ڕووی کێشەوە پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە بەتایبەتی ئەو دێڕانەی لەسەر کێشی ڕەمەلن ((بەشی زۆریان پێویستییان بە ساغکردنەوە هەیە)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٥٣). لەبەر ئەوە سەرنج دەدەین کێشی دێڕەکان زیاتر لەگەڵ کێشی بڕگەیی دەگونجێن و ئەو دێڕانەی بە زیاتر لە کێشێک لێکدەدرێتەوە پێیان دەگوترێت (فرەکێش), بەڵام ئەم کتێبە ((زۆر سەرکەوتووانە دوو کێشی نەتەوەیی کوردی (هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی) خستۆتە سەر کاغەز)) (دزەیی, ١٩٨٥, ٦٢).

لە لایەنی سەرواوە؛ زۆربەی کتێبەکە لەسەر بنەمای سەروای مەسنەوییە (جووت سەروا), واتە هەر دێڕێک سەروای خۆی هەیە و جیایە سەروای دێڕەکانی پێش و دوای خۆی.

(صلاة) نوێژە (آذان) بانگە (سنة)ساڵە (شهر) مانگە

(نهار) ڕۆژە (لیل) شەوە (نوم) نووستن (رؤیا) خەوە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٨)

بەشێکی کتێبەکە بەپێی سەروای یەکگرتوو (یەکێتیی سەروا) داڕێژراوە, واتە کۆتایی هەموو دێڕەکان سەروایان وەکو یەکە.

(أجنبي) بێگانە (جدري) ئاوەڵە (غصن) هەم (فنن, فرع) لقی دار

(سمکة) ماهی ئەست (یربوع) رزق (معبلة) پەیکاندان (تینین) گەورەمار

(کزبرة) گژنیژە (نادي) مەجلیسە (سر) پەنهان (علن) چی؟ ئاشکار

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٧١)

جۆرێکی دیکەی سەروا, کە لەم کتێبەدا بەکارهاتووە, سەروای (شەکسپیری)یە, لەم جۆرەدا ((دوو سەروا بە نۆرە دووبارە دەبنەوە, بۆیە (سەروای دەوری) پێ دەگوترێ)) (گەردی, ٢٠١٤, ٢٩١).

(سبق) پێشکەوت (نظر) ڕوانی (أخذ) گرتی (أکل) خواردی

(ظهر, لاح, بدا) دەرکەوت (عرف) ناسی (بعث) ناردی

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٧٤)

لە رووی سەرواوە جۆراوجۆری و هەمەرەنگی بە کتێبەکەوە دیارە, واتە سەرلەبەری کتێبەکە لەسەر یەک سەروا نییە.

لایەنێکی دیکە گرنگیدانی شێخی نۆدێ بە مۆسیقای ئەحمەدی خۆی لە مۆسیقای ناوەوە دەبینێتەوە, مۆسیقای ناوەوە بە هۆی کۆمەڵێک هونەری شیعرییەوە دروست دەبێت, لەوانە رەگەزدۆزی:

(ایل) بزنە کێوی نێر (صوت) دەنگە          (توت) تووە (شمة) خووە (لون) رەنگە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٦٨)

لەم دێرەدا رەگەزدۆزیی ناتەواو لەنێوان هەردوو وشەی (تووە) و (خووە)دا هەیە و مۆسیقای ناوەوەی دێرەکەی پێکهێناوە.

**تەوەری سێیەم: شێوازی وشەیی کتێبەکە**

وشە کەرەستەیەکی بنجی دارشتن و پێکهاتنی هەموو ژانرێکی ئەدەبییە و دەرخەری باری دەروونی و ئاستی رۆشنبیری و پلەی رۆشنبیریی نووسەرە, هەروەها وشە و ناوەرۆک و فۆرمی ژانر تەواوکەری یەکترین, واتە هەر ژانرێکی ئەدەبی و بوارێکی نووسین وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەبەر ئەوەی کتێبی ئەحمەدی فەرهەنگێکی عەرەبی_کوردییە, بۆیە شێخی نۆدێ راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە, بە جۆرێک ئەم کتێبە بە یەکێک لە کۆنترین ئەو سەرچاوانە دادەنرێت, کە بە کرمانجی ناوەراست نووسراوە. شێخی نۆدێ لەم کتێبەدا بە شێوەی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵدا کردووە:

**١_ وشەی عەرەبی بەرانبەر یەک وشەی کوردی:**

(أنف) لوتە (حاجب) برۆ          (فخذ) رانە (ركبة) ئەژنۆ   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٠)

**٢_ یەک وشەی عەرەبی بەرانبەر دوو وشەی کوردی:**

(حمل) یا شەکە یان بەرخە          (بیع) مامەڵە (سعر) نرخە   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٣٢)

**٣_دوو وشەی هاوواتای عەرەبی و یەک وشەی کوردی:**

(مرآت) (سجنجل) ئاوێنە          (مثل) و (شبه) و (نظیر) وێنە   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٣٢)

**٤_سێ وشەی هاوواتای عەرەبی و یەک وشەی کوردی:**

(ثغر) دوو دانی پێشینە          (بغض) و (ضغن) و (شحنة) قینە   (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٦)

**٥_ چوار وشەی هاووتای عەرەبی و یەک وشەی کوردی:**

(عضب) و (قضیب, باتر, جراز)          شیری بران (صدا) ئاواز  (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٤٨)

**٦_حەفت وشەی هاووتای عەرەبی و یەک وشەی کوردی:**

(خشية) (فرق) هەم (خوف) و (وجل)     (شفق) ترسانە هەم (جبن و فشل)

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٥٨)

**٧_ شێخی نۆدێ هەندێ وشەی نوێی دارشتووە:**

(سمكة) ماهی ئەست (يربوع) رزق (معبلة) پەيكاندانە (تينين) گەورەمار

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٧١)

وشەکانی (گەورەمار) و (پەیکاندان) وشەی نوێن و شێخی نوێ دایڕشتوون.

**٨_ وشەی کۆن, کە ئێستا لە ئاخاوتندا بەکارنایەت:**

(زرزر) ڕیشۆڵە (قطا) کورکورە (خطاف) پلیسرک (خفاش) شەب پەڕە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٥٧)

وشەکانی (پلیسرک و شەب پەڕ) لە زمانی ئاخاوتنی ئێستا بەکارنایەن و وشەکانی (پەڕەسێلەکە و شەمشەمەکوێرە) بەکاردێن.

(صديد) کێمە (ورم) ئاماسە (شجی) مەحزون (حافی) پێخواسە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٧٣)

وشەی ئاماس لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکارنایات و لەبری ئەوە وشەی ئاوساون بەکاردێن.

**٩_ماناکردنی وشەی بە وشەی عەرەبی:**

(حجة, برهان, سلطان) دەليل (ملک) پادشاە (صاغر) زەليل

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٤١)

شێخی نۆدێ وشەکانی (حجة, برهان, سلطان) بە وشەی دەلیلی عەرەبی صاغری بە وشەی زەلیلی لێکداوەتەوە, کە هەموویان عەرەبین.

**١٠_ ماناکردنی وشەی عەرەبی بە وشەی فارسی:**

(أصبع) ئەنگوشت (قدم) پێیە (ذكر) نێرە (أنثى) مێیە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٥٦)

دانەر وشەی (أصبع)ی عەرەبی بە (ئەنگوشت)ی فارسی مانا کردووە.

**١١_ وشەی شێوەزار:**

(حطب) هێزم (خشب) دارە (عقرب) دوپشکە و (ثعبان) مارە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٣٦)

وشەی (هێزم) وشەیەکی شێوەزاری هەورامییە بە واتای داری سووتاندن دێت.

(بساط) بەڕە (لحاف) لێفە (فرصاد) تووە (تفاح) سێفە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٣٦)

لەم دێرەدا وشەی (سێف)ی کرمانجی سەروو بەکارهاتووە.

(بهلق) و (بهلق) ژنی سۆرە (دهموق) سک گەورە (هنبض) بەو تەورە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٥٦)

وشەی سۆر وشەیەکی شێوەزارە و لەبەر ڕێکخستنی سەروا بەکاری هێناوە.

**١٢_ گۆڕانی واتا:**

(ثمانون) و (ثمانين) هەشتاد (تلميذ) شاگردە (أستاد) ئوستاد

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٤٦)

وشەی شاگرد ئێستا بە مانای قوتابی بەکارنایەت و بە کەسی بەردەستی وەستا دەگوترێت و واتای وشەکە گۆڕاوە.

**تەوەری چوارەم: شێوازی ئەرکی دێڕەکانی کتێبەکە**

مەبەست لە شێوازی ئەرکی واتە دێڕەکان چ ئەرکێکی سینتاکسییان لەنێو کتێبەکەدا هەیە, ئەرکەکان جۆراوجۆرن, لەوانە؛ ئەرکی هەواڵگەیاندن, پرسیاری, سەرسووڕمان, فەرماندان, داخوازی, هەست دەربڕین...هتد. لە کتێبی ئەحمەدی چەند جۆرێکی ئەرکی سینتاکسیی دێڕەکان بەرچاو دەکەوێت:

**١_شێوازی هەواڵگەیاندن:** ئەم جۆرە شێوازە بنچینەیە بۆ دروستکردنی شێوازەکانی هەموو جۆرە ڕستەیەک و جۆرەکانی دیکەی ڕستە لەمەوە دادەڕێژرێت. لێرەدا قسەکەر و نووسەر ((سەرچاوەی زانیارییە و زانیارییەکە دەدات بە گوێگر و کاردانەوە لە گوێگر ڕوو نادات, تەنیا زانیاری پێ دەگات)) (فەرهادی, ٢٠١٣, ٤٧). زۆرینەی دێڕەکانی ئەم کتێبە بە شێوازی هەواڵگەیاندن داڕێژراوە.

(كبد) جەرگە (طحال) سپڵە (قلب) و (فؤاد و ضمير) دڵە

(ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٦)

لێرەدا نووسەر زانیاری گەیاندووە و وشەکانی وەرگێڕاوە.

**٢_ شێوازی پرسیاری:** لێرەدا مەبەست دەستخستنی زانیارییە. دانەری کتێبەکە هەندێک نیوە دێڕەکانی بە شێوەی پرسیاری داڕشتووە و خۆی وەڵامی داوەتەوە و ئەم شێوازە لە شیعریشدا خراوەتە ڕوو و خودی شاعیر پرسیار دەکات و خۆیشی وەڵام دەداتەوە.

(نجم) و (كوكب) ئەستێرەیە (رغيف) چییە؟ کولێرەیە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٨)

نیوە دێڕی دووەم لە شێوەی پرسیاردا داڕێژراوە و دانەر خۆی وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە.

**٣_ شێوازی فەرماندان:** ئەم شێوازە لە بنەڕەتدا کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم دەکات ((کارێک بکات, یان هەڵوێستێک بنوێنێت, یان بەپێچەوانەوە بۆ قەدەغەکردنی کارێک بەکاردەهێنرێت)) (فەرهادی, ٢٠١٣, ٤٩). دانەری کتێبەکە هەندێک لە نیوە دێڕەکانی لە شێوەی فەرماندان داڕشتووە و زانیارییەکانی بە شێوەی فەرماندان خستووەتە ڕوو.

(نعل) و (حذاء) ئیسمی کەوشە بڵێ (بنفسج) وەنەوشە (ئەحمەدی, ٢٠١٠, ٢٦)

شێوازی داڕشتنی دێڕەکانی کتێبەکە جۆراوجۆرە, واتە دانەر نەیویستووە زانیارییەکانی تەنیا لە قاڵبی هەواڵگەیاندندا بگەیەنێت, بەڵکو شێوازی دیکەشی بەکارهێناوە, لەوانە؛ شێوازی پرسیاری و فەرماندان, بەمەش دانەر هەمەچەشنی بە شێوازی کتێبەکەی بەخشیوە

**ئەنجام:**

١_ کتێبی ئەحمەدی لە خانەی هۆنراوەی فێرکاریدایە و ئەم چەشنە هۆنراوەیە سوودی لە هەندێک ڕەگەزی شیعری وەرگرتووە, لەوانە؛ کێش و سەروا و مۆسیقای ناوەوە.

٢_ سەرەڕای ئەوە زیاتر لە دوو سەدە بەسەر نووسینی کتێبەکەدا تێپەڕیوە, بەڵام تا ئێستاش لە فێرکردندا بەکاردێت و بەهای فێرکاریی خۆی پاراستووە.

٣_ کتێبەکە بە زیاتر لە کێشێک هۆنراوەتەوە و هەندێک لە بەشەکانیدا فرەکێشە, هەرچەندە کتێبەکە زیاتر لە کێشی بڕگەییەوە نزیکترە و پێویستیی بە ساغکردنەوە هەیە.

٤_ هۆنراوەکە لەسەر بنەمای سێ جۆرە سەروا داڕێژراوە, ئەوانیش؛ سەروای مەسنەوی, سەروای یەکگرتوو, سەروای شەکسپیری (دەوری).

٥_ دانەر وشەی نوێی داڕشتووە و پەنای بۆ وشەی شێوەزار بردووە, هەندێک لەو وشانەی لە کتێبەکەدا بەکارهاتوون ئێستا لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکارنایەن و هەندێکیان ئێستا بە مانای دیکە بەکاردێن.

٦_ زۆرینەی دێڕەکان لەسەر بنەمای شێوازی هەواڵگەیاندن خراونەتە ڕوو, بەڵام دانەر شێوازی پرسیاری و فەرماندانیشی بەکارهێناوە

**سەرچاوەکان**


١_ جمال حبيب الله (بێدار) (٢٠١٣), دەروازەی شیعر ناسین, دەزگای نارین, هەولێر.

٢_ شوکریە ڕەسووڵ (١٩٨٩), ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب, چاپخانەی خوێندنی باڵا, هەولێر.

٣_ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠١٣), هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی, چاپخانەی حاجی هاشم, هەولێر.

٤_ شێخ مارفی نۆدێ (٢٠١٠), کتێبی ئەحمەدی, چاپی دووەم, چاپخانەی ئارام, سلێمانی.

٥_ عبد الكريم محمد المدرس, علماؤنا في خدمة العلم والدين, دار الحرية, بغداد.

٦_ عەلی فەتاح دزەیی (١٩٨٥), نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ, مطبعة الثقافة والشباب, هەولێر.

٧_ عەزیز گەردی (٢٠١٤), کێشناسیی کوردی, دەزگای نارین, هەولێر.

٨_ موحسین ئەحمەد عومەر (٢٠٢٣), وێنا و ئایدیا, دەزگای فام, هەولێر.

٩_ محەمەد ئەمین زەکی بەگ (٢٠٠٥), تەئریخی سلێمانی وە وڵاتی, چاپی دووەم, چاپخانەی شڤان, سلێمانی.

١٠_ محمد خال (١٩٦١), الشيخ معروف النودهي البرزنجي, مطبعة التمدن, بغداد.

١١_ محەمەد ساڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) (١٣٧٩), ژیانەوەری زانایانی کورد, تاران.

١٢_ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس (١٣٨٨), بنەماڵەی زانیاران, سنە.



**الخلاصة:**

معظم أعمال الشيخ معروف النودهي وكتاباته مكتوبة باللغة العربية والعربية كان لغة الكتابة الشائعة في عصره. من بين كتبه كتاب أحمدي هو الكتاب الوحيد باللغة الكوردية الذي كتب على شكل النظم وألفه لتعليم اللغة العربية.


sjh@univsul.edu.iq

على الرغم مرور أكثر من قرنين على تأليف هذا الكتاب وبعد تأليف عشرات من كتب المتنوعة لتعليم اللغة العربية إلا إن هذا الكتاب لا يزال له قيمة العلمية والمنهجية ويتم الأعتماد عليه في مجاله ويعتبر بوابة لطالب العلم الكوردي في مجال التعليم اللغة العربية لذلك فهو من مهم أن ندرس هذا الكتاب من شتى نواحي ومنه في منظور الأسلوبي.

تهدف هذة الدراسة إلى عرض أسلوب كتابة كتاب أحمدي وإنشائه وإلقاء الضوء على شكل الكتاب ومحتواه.

**البحث يتكون من:**

المحور الأول: نبذة عن الكتاب أحمدي

الحمور الثاني: الأسلوب الموسيقي للكتاب أحمدي

المحور الثالث: الأسلوب الكلمات للكتاب أحمدي

المحور الرابع: الأسلوب الجملة للكاب أحمدي

**الكلمات المفتاحية:** المنظومة التعليمية, الشيخ معروف النودهي, الكتاب أحمدي.

sjh@univsul.edu.iq